پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- حەزی لە شیرینی وهەنگوین بوو، ئەگەر نوێژی عەسری ئەنجامبدایە؛ سەردانی خێزانەکانی دەکرد، ولێیان نزیک دەبووەوە، جارێکیان سەردانی حەفسەی کرد، بۆ ماوەیەکی زیاتر لە ماوەی ئاسایی لە لای مایەوە

لە عائیشەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- حەزی لە شیرینی وهەنگوین بوو، ئەگەر نوێژی عەسری ئەنجامبدایە؛ سەردانی خێزانەکانی دەکرد، ولێیان نزیک دەبووەوە، جارێکیان سەردانی حەفسەی کرد، بۆ ماوەیەکی زیاتر لە ماوەی ئاسایی لە لای مایەوە، پرسیارم سەبارەت بە ئەوە کرد، پێم ووترا: ئافرەتێک لە هۆزەکەی کوندەیەکی پێستی پێداوە کە هەنگوینی تێدایە، هەندێک بەشی داناوە بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بۆئەوەی بیخواتەوە، ووتم: واللە پیلانێکی بۆ دادەنێین، ئەمەم باسکرد بۆ سەودە، ووتم: ئەگەر هات بۆ لات، لێت نزیک دەبێتەوە، پێی بڵێ: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا مەغافیرت* خواردووە؟ پێت دەڵێت: «نەخێر»، پێی بڵێ: ئەم بۆنە چییە؟ وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- حەزی نەدەکرد بۆنی ناخۆشی لێوە بێت، پێت دەڵێت: «حەفسە هەندێک هەنگوینی پێمدا»، پێی بڵێ: لەوەیە مێش هەنگەکە لە عورفوتی** خواردبێت، ومنیش ئەوەی پێدەڵێم، وتۆیش ئەوەی پێ بڵێ ئەی سەفیە، کاتێک چوو بۆ لای سەودە، سەودە ووتی: سوێند بە ئەو خودایەی کە هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە ئەو نەبێت؛ خەریک بوو ئەوەی پێ بڵێم کە تۆ پێمت ووت کاتێک لە دەرگاکە دەهاتە ژوورەوە لە ترسی لۆمەکردنت، کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نزیک بووەوە ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا مەغافیرت خواردووە؟ فەرمووی: «نەخێر»، ئەم بۆنە چییە؟ فەرمووی: «حەفسە هەندێک هەنگوینی پێمدا»، ووتی: لەوەیە مێش هەنگەکە لە عورفوتی خواردبێت، کاتێک هات بۆ لای من هەمان شتم ووت، پاشان کاتێک چوو بۆ لای سەفیە هەمان شتی ووت، کاتێک چوو بۆ لای حەفسە، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا هەنگوینت پێبدەم بۆئەوەی بیخۆیتەوە؟ فەرمووی: «پێویستم پێی نییە -حەز ناکەم بیخۆمەوە-»، سەودە ووتی: سبحان اللە، واللە بووینە هۆی ئەوەی لەسەر خۆی قەدەغەی بکات، پێیم ووت: بێدەنگ بە. *(مەغافیر: وەکو گەزۆ وایە بەڵام بۆنی ناخۆشە لە دەمدا)، (**عورفوت: دارێکی بۆن ناخۆشە

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات لەم فەرموودەیەدا کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- حەزی لە خواردنی شیرین بوو لە نێویانیشدا هەنگوین، بۆیە ئەگەر نوێژی عەسری ئەنجامبدایە؛ سەردانی خێزانەکانی دەکرد، ولێیان نزیک دەبووەوە وماچیانی دەکرد بە بێ جیماع کردن، جارێکیان سەردانی حەفسەی کرد -ڕەزای خوای لێبێت-، بۆ ماوەیەکی زیاتر لە ماوەی ئاسایی لە لای مایەوە، عائیشە پرسیاری سەبارەت بە ئەمە کرد، وبۆی دەرکەوت کە ئافرەتێکی خزمی حەفسە کوندەیەکی پێستی بچووکی پێداوە کە هەنگوینی تێدایە، هەندێک بەشی دادەنا بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەویش لێی دەخواردەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی عائیشە تووشی غیرەتکردن بێت -ڕەزای خوای لێبێت-، ولەگەڵ سەودە وسەفیە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ لایان؛ پرسیاری لێبکەن ئایا مەغافیری* خواردووە؟، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- حەزی نەدەکرد بۆنی ناخۆشی لێوە بێت، پاش ئەوەی وایان ووت کاتێک -صلى الله عليه وسلم- چوو بۆ لای حەفسە وهەنگوینی پێیدا بەڵام ڕەتی کردەوە بیخوات، ولە گێڕانەوەیەکدا: سوێندی خوارد لەسەر ئەوەی جارێکی تر هەنگوین نەخوات. وجیاوازی هەیە لە نێوان گێڕانەوەکان سەبارەت بە ئەو ئافرەتەی هەنگوینی دا بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتراوە: لە لای زەینەب ئەم هەنگوینەی خوارد، ووتراوە: یان لە لای سەودە، ولای

هەندێک زانایان ئەوە پەسەندە کە خواردنی هەنگوینەکە لای زەینەب بووە، وئەوەی پیلانەی دانا لەگەڵ عائیشە؛ حەفسە بوو، وهەندێک زانایان دەڵێن لەوەیە جیاوازی گێڕانەوەکان ئاماژە بێت بۆئەوەی زیاتر لە یەک ڕووداو هاوشێوەی ئەمە ڕوویاندا بێت. *(مەغافیر: وەکو گەزۆ وایە بەڵام بۆنی ناخۆشە لە دەمدا)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58130